## دیاری قەرەداغی:

# لە ٨ی مارس هیچم پێشکەش بە هاوسەرەکەم نەکرد

**ئەگەرچی دیاری خۆی دەڵێ: ئاسمانێکم بێ ئەستێرە، بەڵام لە راستیدا دیاری خۆی هەسارەیەکی گەورە و سەربەخۆی هونەری گۆرانی گوتنی کوردییە، لەو نێوەندەشدا خاوەنی چەندین ئەستێرەی بەرچاوی گۆرانییە درەوشاوەکانی خۆیەتی کە خاك و نیشتمانە بۆندارەکەی پێی رازاندۆتەوە، دیاری دەڵێ: دەریایەکم بەبێ شەپۆل، بە پێچەوانەوە دیاری خۆی شەپۆلێکە لە قەراغی رۆحی ئێمە دەنیشێتەوە و پێمان دەڵێ: تا دێ خاکم خۆشتر دەوێن دیاری نیشتمانە ون بووەکەی خۆمانی بۆمان دۆزییەوە و پێی گوتین ئەگەر نیشتمان دێیەکی رووخاویش بێت هێشتا نابێت بیگۆڕینەوە بە قەسری قەیسەری، جگە لەمانەش دیاری لە گۆرانییەکانی شیعی ووشەی پێ ئاشناکردینەوە و ویژدان و کارەساتی تێکەڵ بەیەکتر کردەوە فێری کردین مۆسیقا چییە و چێژ وەرگرتن لە گۆرانی چۆنە حیکمەتی ئەداکردن لە کوێ دایە؟**

**دوای ئەو گەشتە هونەرییەی بەم دواییە بۆ چەند وڵاتێکی ئەوروپی ئەنجامیدا بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

**دیمانە/ خەلیل بلەیی**



*** ئەو گەشتە هونەرییەی کە بۆ دەرەوەی وڵات ئەنجامتدا چۆن هەڵیدەسەنگێنی؟**

- ئاواتێکی لە مێژینەی من بوو بەوەی بتوانم بۆ رەوەندی کوردی و خۆشەویستانم لە ئەورووپا کۆنسێرت بکەم، ئەزموونێکە هەرگیز لە یادی ناکەم و شتێکی نوێ بوو.

*** پێت وانییە ئەم گەشتە تا رادەیەك دواکەوت؟**

- بەڵی ئەمە تەواو وایە، بەڵام راستییەك هەیە ئەوەیە کە من پاش بەشدار بوونم لەگەڵ شاندێکی وەزارەتی رۆشنبیری توانیم ئەو سەرکێشیە بکەم و بۆ ماوەیەکی درێژتر بمێنمەوە ئەویش بە هەوڵ و ماندووبوونی هاوڕێیەکی ئازیزم کە توانی ڤیزای مانەوەم بۆ وەربگرێ و ئەوسا توانیم کۆنسێرت بکەم، ئەگە رنا بڕوام نییە کەس پشتیوانییەکی وەها بنوێنێت بۆ گێڕانی کۆنسێرتی هونەریی و جیدی لە تاراوگەدا.

*** هەندێك کەس پێیان وایە دیاری قەرەداغی هونەرمەندی (نوخبە) یە بەوەی گۆرانییەکانت لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، چی دەڵێی بۆ ئەم کەسانە؟**

- ئەوەی لەسەر منە پێشکەشکردنی هونەرێك کە تەواو ویستەکانی خۆم بەدەستبهێنێ، هاوکاتیش تەواو خۆشحاڵ دەبم کە هاو چێژەکانی ئەم جۆرە هونەرە لەبرەودا بێت و چاویان ماچ دەکەم و دەنگ و پەیامم هەمیشە لە ئاستی جوانییەکانی ئەوان دەبێت.

●●●
گۆرانی نوێ و کۆنسێرت و نوسین و ڕەخنەی بەردەوامم هەیە
●●●

●●●
هەست بە غیرەی هاوسەرەکەم ناکەم
●●●

*** هونەری رەسەن و هونەری نا رەسەن چۆن جیا دەکرێنەوە؟**

- هونەری جوان و بە پەیام هەمیشـــە هونەرێکی گەورەو خاوەن زەمینەیەکـــی فراوانە بۆ گفتوگۆو گومـــان و تێرامان، هەرچی ئەوانی تر بەچشنی وەرزەکان دێنە بەرچاوم تەمەنیان تەواو کورتەو کەمتر لە زهنی خەڵکیدا دەمێننەوە.

*** دەنگخۆشـــی بەهرەیە، بەڵام دۆزینەوەی کەسانی دەنگخۆش ئەرکی کێیە؟**

- بەڵام بە تەنها ئەو بەهرەیە واتە تەنها دەنگخۆشـــی دروستت ناکات، بۆیە هاوکات فەزایەکی گەورەتر هەیە،کەپێویستە رەنگاڵە بکرێـــت و زانیاریـــی و رۆشـــنبیریی و زیرەکیـــش هارمۆنی ئەو دەنگخۆشیە بێت، بۆ دۆزینەوەی ئەو بەهرەمەندانە ئەرکی ئەوانەیە کە بەجیدی بیر لە هونەرێك دەکەنەوە تا شارێك یا نیشتمانێك پراو پڕی هونەرو جوانی بکەن، جا کێن ئەوانە نازانم؟

*** ماوەیەکە لە نووسینەکانتدا هەست بەوە دەکرێ کە ئاگاداری خـەم و کەموکورییەکانی هونەری کوردیی ئایا زیاتریان دەکەوێتە ئەستۆی کێ؟**

- بەرپرسـیارێتییەکان زۆرن، بـەڵام لەسـەروی هەموویانەوە دەسـەڵاتی حوکمڕانە کە پێویسـتە لەسـەری پێگەی هونەری کـوردی فەرامۆش نەکات و جوانی و حورمەت و باوەڕ بۆ هونەرو هونەرمەندی جیدی و بە ئەزموون بگەڕێنێتەوە.

*** چی نوێت هەیە بۆ جەماوەری خۆت ؟**

- گۆرانی نوێ و کۆنسێرت و نوسین و ڕەخنەی بەردەوامم هەیە بۆیە چاوەڕێی هەمووی بن.

*** ئەگەر داوات لێبکرێ بەشداری لە کارێکی هونەریدا بکەی وەك ئەکتەر وەڵامت چی دەبێ؟**

- زووە بـــۆ وەڵامێکی وەهای من و درەنگە بۆ دروســـتبوونی سینەمای کوردیی هەتاکو ئێستا.

*** دیـــاری قەرەداغی بە چـــی دڵخۆش دەبێت و بە چیش تورە دەبێت؟**

- تورەم بە کەسێك کە هەمیشە درۆ بکات لەگەڵم و نەتوانم لێی قوتار بم، بە کەسێك کە نەزانێت چۆن گوزارشت لە خۆشەویستی خۆی بکات بۆ هونەرەکەم و بەردەوام ببێتە مایەی بێزاریی ژیانم. دڵخۆشم بەوەی منداڵەکانم و سەرجەم منداڵی کورد لە کەشێکی ئارمدا بژین.

*** خۆشترین رۆژ لای تۆ کامەیە؟**

- خۆشـــترین رۆژ، ئـــەو رۆژەیە کە هەواڵێکـــی ناخـــۆش و جەرگبـــڕی تێدا نەبیستم تا کاتی خەوتنام.

*** دڵت بە چ رەنگێك دەکرێتەوە؟**

- زۆربەی رەنگەکان

*** ئەی حەزت لە چ خواردنێکە؟**

- برنجی رووبەهەنار.

*** رۆژانە کاتی خۆت چۆن دابەش دەکەی؟**

- هەندێك جار ئەو من دابەش دەکات و خۆی فەرز دەکا بەسەرما.

*** خاوەن جەماوەرێکی زۆری ئایا هاوسەرەکەت غیرەت لێناکات؟**

- زۆر هەست بە غیرەی ناکەم

*** لە رۆژی هەشـــتی مارسدا چیت پێشـــکەش بە هاوسەرەکەت کرد؟**

- لە راستیدا هیچ

*** لە کاروباری رۆژانەدا چۆن هاوکاری یەکتر دەکەن؟**

- من زۆر سەرقاڵم و زۆربەی کارەکان لە ئەستۆی هاوسەرەکەمە، وەك کاری ناو ماڵ و پەروەردەی منداڵان، هەرچی کاروباری دەرەوەی ماڵیشە ئەوە بە ئەرکی سەر شانی خۆمی دەزانم.

*** بەر لە چەند ســاڵێك پرۆژەیەکتان پێشـــکە کرد بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان، دەکرێ بزانین بە چی گەیشت؟**

- بەداخەوە تا ئێستا بەهیچ نەگەیشتووە.

*** کلیپەکانـــت هەمیشـــە تژیـــن راوێژ بە کێ دەکەی بەر لـــە ئەنجامدانی کلیپەکان؟**

-زۆرن ئەوانـــەی کـــە دروســـتەکەری کلیپەکانی منن جا بۆ هـــەر پرۆژەیـــەك چەند کەسێك دڵســـۆزانەو بەرپرسانە و خۆشەویستانە کارم بۆ دەکەن.





# نازدار
# شووکردنی خۆی بە درۆ دەخاتەوە

ژمارە (٧٢٥) ٢٠٠٩/٣/١٦



**بەر لە ماوەیەك یەكەم بەرهەمی كچە هونەرمەندی باكووری كوردستان نازدار جزیری لە شاری هەولێر بڵاوكرایەوە كە چەندین گۆرانی نوێ و فۆلكلۆری جیاجیای لە خۆی گرتبوو، هەر دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەكەی پروپاگەندەی جیاجیا دەربارەی ژیانی تایبەتی نازدار لە هەندێك لە دەزگاكانی راگەیاندن بڵاوكرایەوە كە بوونە هۆی ئەوەی جەماوەر و هۆگرانی دەنگ و هونەرەكەی بەدوای راستی هەواڵەكاندا بپرسن، دیارترین پروپاگەندەش هەواڵی شووكردنی بوو كە زیاتر سەرنجی جەماوەری راكێشا، دەربارەی راستی دروستی ئەم هەواڵ و پروپاگەندانە و چەند پرسێكی دیكە نازدار بەم شێوەیە بۆ گۆڤاری گوڵان هاتە ئاخافتن.**

**دیمانە: خەلیل بلەیی**
**فۆتۆ: كەمال ئاكرەیی**

*** دوای بڵاوبوونەوەی یەكەم بەرهەمی تایبەتی خۆت هەست بە چی دەكەی؟**

-من زۆر خۆشحاڵم كە دوای ئەوەی ماوەیەكی زۆر لە خۆ ئامادەكرن و سەرقاڵ بوون لە كۆتاییدا ئەلبوومەكەم بە ئەنجام گەیشت و كارەكانیم بە كۆتا هێنا، ئەم ئەلبووومە بۆ من تاقیكردنەوەیەكی زۆر گەورە بوو بۆ پاشەڕۆژی هونەری خۆم.

## ئەم ئەلبوومە بەشێكی بچووكە لە هونەری من

*** پێت وایە یەكەم سیدیت سەركەوتوو بوو ؟**

- بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی لە لایەن گوێگرانەوە پێم گەیشتووە و ئەو ئیمێڵە زۆرانەی بۆم هاتوون و ئەو پێشوازییەی لە من دەكرێ و لە كاتی سازكردنی كۆنسێرتەكانی خۆمدا دەیبینم بۆ من مایەی خۆشحاڵییە، من پێم وایە كاتێك هونەرمەند دەبینی جەماوەر گۆرانییەكانی لەبەر كردووە ئەو كات دەزانێت كارێكی ئەنجامداوە، بۆیە بەڕای من كارێكی زۆر پێویستە كە هونەرمەند بتوانێت لە نزیكەوە ئاگاداری جەماوەر بێت و بزانێت چۆن پێشوازی لە بەرهەمە هونەرییەكانی بكات تاكو هاندانێك بێت بۆ ئەوەی كارەكانی دواتری باشتر بن، بەڵام وەك باسم كرد ئەم ئەلبوومە بەشێكی بچووكە لە هونەری من، هیوادارم لە پاشەڕۆژدا بەشێوەیەكی باشتر و جوانتر لە خزمەتی میللەتی خۆمدا بم و هونەری خۆم سەربخەم و بەرەو پێشەوەی بەرم .

> ●●●
> **كاتێک هونەرمەند دەبینی جەماوەر گۆرانییەكانی لەبەر كردووە، ئەو كات دەزانێت كارێكی ئەنجامداوە**
> ●●●

*** نیازی ئەوەت نییە گۆرانی دیكە كلیپ بكەی؟**

- ئێستا خەریكی ئەنجامدانی گۆرانییەكی سینگڵم هیوادارم بتوانم تۆماركردن و كلیپ كردنی گۆرانییەكە بە شێوەیەكی پرۆفیشناڵ ئەنجام بدەم و لە كاتێكی نزیكدا پێشكەشی ئێوەی بكەم.

***جگە لەو گۆرانییە چی نوێت لەبەردەستە؟**

- لێرەدا بە پێویستی دەزانم جەژنی نەورۆزی نەتەوەیی لە هەموو گەلی كوردستان پیرۆز بكەم لە هەموو پارچەكانی كوردستان و سەرتاسەری جیهان، من لەو مانگەوە (مانگی ئادار) بە كۆنسێرتەكانی نەورۆزەوە خەریكم، هەروەها لە ئێستاوە دەستم بە خۆ ئامادە كردن كردووە بۆ ئەلبوومی دووەم و لە ئێستاوە گۆرانی و ئاوازی نوێ هەڵدەبژێرم، هیوادارم لە كاتێكی زوودا بتوانم گۆرانی نوێی ئەوتۆ هەڵبژێرم كە بە دڵی جەماوەر بێت و ببێتە مایەی رەزامەندی جەماوەر.

## هەولێر بۆ من شوێنێكی تایبەتە

*** ئایا چ جیاوازییەك دەكەی لە بەرهەمی داهاتووتدا؟**

- بێگومان هەوڵ دەدەم هونەر و موزیكی خۆم دەوڵەمەندتر بكەم بەتایبەتی لە لایەنی تۆمار كردن و دەنگدا، هەر شتێكی زانستی و نوێ هەڵبژێرم و بتوانم سوود لە یەكەم ئەلبوومی خۆم وەربگرم و خاڵە لاوازەكانی ئەگەر هەبن دەستنیشان بكەم و نەیانهێڵم.

*** ئایا جوانی و رووخساری تۆ هیچ رۆڵێكی هەبووە لەوەی روو لە كاری هونەری بكەی؟**

- ئەگەر سەركەوتن و پێشكەوتنێكم بە دەستهێنابێت ئەوا بێگومان تەنیا بۆ ئەرك و ماندوو بوون و دەنگی من دەگەڕێتەوە.

*** بەر لەوەی بگەڕێیتەوە بۆ ئەڵمانیا، گۆرانییەكت لەگەڵ گۆران ساڵح تۆمار و كلیپ كرد، نیازی ئەوەت نییە هەمان كار دووبارە بكەیتەوە؟**

- نەخێر تا ئێستا هیچ كارێكی لەو جۆرە واتە بە شێوەی دۆیتو لە ئارادا نییە، بۆ دوارۆژیش من ئێستا ناتوانم هیچ شتێك بڵێم، بەڵام حاڵی حازر بەرنامەم نییە.

*** شاری هەولێرت چۆن بینی؟**

- هەولێری پایتەختی باشووری كوردستان بۆ من شوێنێكی تایبەت و جیاوازە، من چەند جارێك لە هەولێر میوان بووم، هەولێر بۆ من وەك دەستپێكی كاری هونەری بوو بەشێوەیەكی زانستی و پرۆفیشناڵ، یەكەم كلیپ و یەكەم ئەلبووم و بەرنامەی تەلەفزیۆنیم لەو شارە ئەنجامدا و تۆمار كرد، لەبەر ئەوە شاری هەولێر هەمیشە رۆڵ و شوێنێكی دیار و بەرچاوی

> ●●●
> **هەولێری پایتەختی باشووری كوردستان بۆ من شوێنێكی تایبەت و جیاوازە، بۆ من وەک دەستپێكی كاری هونەری بوو بەشێوەیەكی زانستی و پرۆفیشناڵ**
> ●●●

هەبووە لە ژیانی مندا، من هەمیشە بە دڵخۆشییەکی زۆرە سەردانی هەولێر دەکەم .

*** مامۆستاکانت لە ئەڵمانیا هەستیان بەچی کرد کاتێك زانییان یەکەم ئەلبوومی تایبەتی خۆت بڵاوکردەوە؟**

- ئەوەی راستی بێت لە قوتابخانە زۆر کەم باس لە کاری هونەری خۆم دەکەم، چونکە ئەوانەی ئەویێ هەموویان بیانین، بەڵام مامۆستاکانم سەرسامن بەوەی من لە یەك کاتدا درێژە بە خوێندن دەدەم و لە کاری هونەریشدا بەردەوامم و زۆر دڵخۆشن بەمە، لە زۆر ئاهەنگەکانی قوتابخانەدا گۆرانیم گوتووە، هەروەها مامۆستا و هاورێکانی قوتابخانەم زۆریان لە کۆنسێرتەکانم ئامادە دەبن، بۆیە من چەند دانەیەکی ئەلبومە نوێیەکەی خۆم پێشکەش بە مامۆستایانی وانەی موزیك کردووە ئەوانیش زۆر خۆشحاڵ بوون و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیان بۆ خواستم.

**بۆ هونەرمەند زەحمەتە کات بۆ ژیانی تایبەتی خۆی تەرخان بکات**

*** ئایا راستە کچە هونەرمەندەکان کاتی ئەوەیان نییە بیر لە ژیانی تایبەتی خۆیان بکەنەوە و ئەگەر بیانەوێ سەرکەون دەبێ هەموو کاتی خۆیان بۆ هونەر تەرخان بکەن؟**

- دەتوانم بڵێم هەر کەسێك بیر کردنەوە و بیروبۆچوونی جیاوازە لەم بوارەوە، بەڵام منیش ئەم قسانە بە راست دەزانم، چونکە لەو جۆرە کارانەدا (کاری هونەری) زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێت کاتێك بۆ ژیانی تایبەتی خۆی تەرخان بکات یان بتوانێت بیر لێبکاتەوە.

*** ئایا راستە ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە ؟**

- من لە رێگای ئێوەوە ئەم قسە و قسەڵۆکانە بە درۆ دەخەمەوە، چونکە لە راستییەوە دوورن و ئەساڵ و ئەساسیان نییە و من شووم نەکردووە.

*** بەڕای تۆ کێ قسانەی کردووە و مەبەستی چی بوو لەم قسانە؟**

- قسە و هەڵوێستی وا دێنە پێش و هەر مرۆڤێك دووچاریان دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر هونەرمەند بێت و هونەرەکەی خۆی خۆش بوێت و پێوەی بەند بێت، ئەمەش لە رێگای ئەو کەسانەوە دەبێت کە دیانەوێ بۆ میدیاکان و ئەو شوێنانەی کاری لێدەکەن هەواڵی نادروست و نابەجێ بڵاو بکەنەوە و سوودی لێ وەربگرین بۆ ناوبانگ دەرکردن و فرۆشتنی زیاتر بۆ دەزگاکانیان مسۆگەر بکەن بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵانە، هەروەها بۆ ئەوەیە سەرنجی خوێنەرانیان رابکێشن و خوێنەر وا لێبکەن تامەزرۆی زانینی ئەم هەواڵە بێت، بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك حیساب بۆ هەستی هونەرمەند بکەن، من ئەو کەسانە ریسوا و شەرمەزار دەکەم با یاری بە ماندووبوونی هیچ کەسێك نەکەن و رێز لە کاری خۆیان بگرن .

*** لە لایەنی ئابوورییەوە هیچ سوودێکت لە ئەلبومەکەی خۆت وەرگرتووە؟**

- ئەوەی راستی بێت هیچ سوودێکی ئابووریم لە فرۆشتنی ئەم ئەلبوومە دەست نەکەوتووە، بەڵام لە لایەنی مەعنەوییەوە



**مامۆستاکانم سەرسامن بەوەی من لە یەک کاتدا درێژە بە خوێندن دەدەم و لە کاری هونەریشدا بەردەوامم و زۆر دڵخۆشن بەمە**

**هیچ سوودێکی ئابووریم لە فرۆشتنی ئەم ئەلبوومە دەست نەکەوتووە**

**لە هەموو وڵاتان کێشەی کۆپی کردن بە کێشەیەکی گرنگ دادەنرێت و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی چارەسەرکردنی دراوە**



ئـەم ئەلبوومە بووە هۆی ئەوەی من زیاتر لە لایەن جەماوەرەوە بناسـرێم و بەرهەمـی تایبەتی بگاتە بەر دەسـتیان و بتوانن کارەکەم هەڵسـەنگێنن ئەمەش بۆ سەربەرزییە، چونکە بۆ من جەماوەر سەرمایەکی گەورەیە.

**کوردستان خۆشترین وڵاتی سەر زەمینە**

*** بەپێـی زانیارییەکانـی خۆت ئایـا ژمارەیەکی زۆری سیدییەکانت کۆپی کران؟**

- لەبەر ئەوەی من لە ڕێگای ئەنتەرنێتەوە ئاگادارم هەمموو کەسێك دەتوانێت هەر لە ئەنتەرنێتەوە سیدییەکەم کۆپی بکات و هەر لە ئەنتەرنێتەوە دەستی کەوێت، بێگومان ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سیدییەکەی منیش وەك سیدی هەمموو هونەرمەندانی دیکەی کوردستان بە هەمموو شێوەیەك کۆپی کراوە.

مخابن تا ئێستا یاسـایەکی ئەوتۆ لە کوردستان دەرنەچووە کـە هونەرمەنـد بتوانێت ڕێگا لەم دیاردە ناشـرینە بگرێت و مافی خۆی بپارێزێت، لە هەمموو وڵاتان کێشـەی کۆپی کردن بە کێشـەیەکی گرنگ دادەنرێت و بە هەمموو شێوەیەك هەوڵی چارەسەرکردنی دراوە بۆ پێش خستنی هونەر و پاراستنی مافی هونەرمەندان بەداخەوە لە کوردستان تا ئێستا کارێکی لەم جۆرە لە ئارادا نییە.

*** نازدار حەز لە چ جۆرە خواردنێك دەکات؟**

- خواردنێکی تایبەت نییە کە من حەزی لێ بکەم و لە ناو هەمموو خواردنەکانی دیکە بڵێم ئەم خواردنەم پێخۆشـە و زۆر حـەزی لێدەکەم، بەڵام من زۆر حەز لـەو خواردنانە دەکەم کە دایکم ئامادەیان دەکەم بەتایبەتی خواردنەکانی ناوچەی جزیرە، رەنگە ئێوە بڵێن هەمموو کەسـێك حەز لە خواردنەکانی دایکی خۆی دەکات و پێی وایە خۆشترین خواردنە، بێگومان ئەمەش ڕاسـتە، من ئەو خواردنانەی تەماتەیـان تێدا بێت من حەزیان لێدەکەم، هەروەها حەز لە ترشـیو سـوێری دەکەم، بەشێوەیەك گشـتی وەك گوتم جۆری خواردن لای من زۆر گرنگ نییە، جیاوازی و هەڵبژاردنی جۆرێکـی تایبەتی خواردن لای من نییە.

*** خۆشـترین وڵات لای تۆ کێ بووە کە تا ئێستا سەردانت کردبێت ؟**

- لەبـەر کاری هونەری خۆم و سـاز کردنی کۆنسـێرت و ئاهەنگـی هونەری مـن زۆر لە وڵاتـە جیاجیکانی ئەورووپا گەڕاوم، بەڵام بە ڕاستی لە هەمموو وڵاتەکان خۆشتر کوردستانە نـەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە وڵاتی منە، وڵاتانی دیکەی وەك وڵاتانی ئەورووپا و ئەمریکا و کەنەدا لە سیستەمەکانی خۆیاندا زۆر لە یەکتری نزیکن و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، ئەوەندەی ئەو وڵاتانـە گەڕام شـتێکی جیاوازم نەبینی کە سـەرنجم ڕابکێشێت، بەڵام لە کوردسـتان ئەو جیاوازییە بەدی دەکرێ، لە چیا و پیشەسـازی و کلتوور و خۆشگوزەرانی، مرۆڤەکان و زۆر شتی تریش، ڕەنگە بۆ کەسێك کە لە کوردستان دەژیت ئەم شـتانە سەرنجڕاکێش نەبن و هەستیان پێ نەکات، بەڵام کاتێك مرۆڤ لە وڵاتی خۆی دوور بێت و لە غەریبیدا بژیت زۆر بە ئاشکرا هەستی پێدەکات بۆیە هەرچۆنێك بێت هەمیشە چاوی لەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان بگەڕێتەوە کوردستان و بە خۆشترین و جوانترین وڵاتی سەر زەمینی دادەنێ.

*** تۆ کەی سەردانی کوردستان دەکەیتەوە؟**

- هیـوادارم بتوانـم لە کاتێکی زۆر نزیکـدا ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسـێ جارێکی تر سـەردانی کوردستانی خۆشەویست بکەمەوە و بە دیداری جەماوەری خۆم شاد بمەوە.

●●●
**زۆر حەز لەو خواردنانە دەکەم کە دایکم ئامادەیان دەکەم بەتایبەتی خواردنەکانی ناوچەی جزیرە**
●●●

●●●
**ئەو کەسانەی قسەی نابەجێ بڵاو دەکەنەوە ریسوا و شەرمەزار دەکەم با یاری بە ماندوو بوونی هیچ کەسێک نەکەن و ڕێز لە کاری خۆیان بگرن**
●●●

●●●
**بۆ من جەماوەر سەرمایەکی گەورەیە**
●●●



رەنگە زۆر کەمێك لە ئێمە نەبن کە عەلییە فەندییان نەبیستبێت و کارە هونەرییەکانیمان نەبینی بێت، چونکە ئەو بە قسە خۆشەکانی زەردەخەنەی خستۆتە سەر لێوی هەمووان، عەلییە فەندی یاخود حاجی مەکی شانازی بەوەوە دەکات کە لە یەکەم فیلمی سینەمایی کوردیدا بەشدارییەکی کاریگەری کردووە، سەرەڕای ئەوەی ماوەیەکی زۆرە لە بواری هونەریدا بەردەوامە و تەمەنیشی تێپەڕیوە، هەروەها کێشیشی زۆر جار گرفتی بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەو هەردەم ئامادەیە بۆ بەشداری کردن لە کاری هونەری، لە دەرفەتێکدا لە هەولێر ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.

### هونەرمەندی خاوەن ئەزموون مەکی عەبدوڵلا:

# هونەری کوردی بەمشێوەیە بێت پێش ناکەوێت

**یەکەم کەسم فیلمی کوردیم دروست کردووە**

دیمانە/ هێمن قەسرەیی

***تا چەند لەلایەن تەلەفزیۆنەکانەوە داوات لێکراوە بۆ بەشداریکردن لەکاری هونەریدا؟**

- بەداخەوە تەلەفزیۆنەکان خزمایەتی ڕەچاو دەکەن، پێویستە تەلەفزیۆن بگەڕێ بزانێت لە هونەرمەندەکان، لە شاعیرەکان، لە نووسەرەکان یان گۆرانیبێژەکان کامیان خەڵك داوای دەکات کار لەگەڵ ئەو دا بکات. دەبێت خۆیان بەدوایدا بگەڕێن و بێن بڵێن تۆ ئەوەندە دڵسۆزی و تەمەنت حەفتا ساڵە وەرە کارمان لەگەڵ بکە. من ناڵێم شتەکانم باشن، بەڵام جەماوەر داوا لە من دەکات بێمەوە ناو دنیای نواندن. پێویستە نواندن ئەو هونەرەی دەیکات شتێك بێت بە دڵی خەڵك بێت، بە دڵی کچ و کوڕ بێت، بە دڵی ئەوانە بێت کە لە هونەر دەزانن، دەبێت شتی ناشرینی تێدا نەبێت، چونکە ئێمە دەچینە هەموو ماڵێك و لەدەرگای هەموو ماڵێك ئەدەین. من سرووشتم وایە شتێکم کردووە باش بێت یان خراپ خەڵك بە دڵی بوو بێت یان نا ئێستاش پێم دەڵێن بەخوا بەرهەمە کۆنەکانت خۆشن. ئەی بۆ جاران هانیان نەدەدام بۆچی جۆرەها قسەیان بەناوی منەوە دەکرد، چەند کەس هاتۆتە سەر تەلەفزیۆن گوتوویانە تەمسیلەکانی حاجی مەکی هیچ نییە و بەکەڵك نایەت، ئەی بۆ ئێستا ئەو خەڵکە دەیەوێت.

***لەبارەی یەکەم فیلمی سینەمایی خۆت چی دەڵێی؟**

_من فیلمی سینەماییم دەرکردووە(نێرگز بووکی کوردستانە)، یەکەم کەسم فیلمی کوردیم درووست کردووە، مێژوو هەیە لەم هەولێرە بەرێزە دەرم کردووە، لەم شارە پیرۆزەی کوردستان دەرم کردووە.

***ئایا مافی تەواوی خۆی پێ دراوە؟**

-هەندێ جەماعەتی ئێرانی دێنە ئێرە ئاگام لێیەتی سێ

چــوار جار هەر ئەم ســاڵە ٦٥٠ تا ٧٠٠ مليــۆن ديناريان دەدەنێ كە هيچ ســوودی نييە. من فيلمێكی ئامادەم هەيە، سەد و يازدە خولەكە، باشــترين فيلمی كۆداكە، نێگەتيڤ و پۆزەتيڤــە، ڕەنگا و ڕەنگە، فۆلكلۆرە، چوار ســەد هەزار دۆلاری تێچــووە، پێنج هەزار كەســی تێدايە، هونەرمەندی كورد و گۆرانی خۆش و قســەی خۆشی تێدايە.ئامادە نين لێم بكرنەوە و بۆ ئەرشــيف دايبنێن. بۆچی ئامادەن كار بۆ ئێرانييەك بكەن، بەڵام ئيشەكانی من پشتگوێ دەخەن، حەز دەكــەم تا ماوم ڕێزم لێ بگرن. بۆچی ئەوان دەنێرن بۆ دەرەوە و من نانێرن. بۆچی ئەوان چيان كردووە.

***ئەی ســەبارەت بەو فيلمانەی ئێستا بەرهەم دەهێندرێن چی دەڵێی؟**

-ئێســتا هەندێك كەس هاتوون فيلم دەردەكەن نازانم چييە، پارەيان بۆ هەڵدەڕێژن، ئەی بۆ كەســێك نايەت بڵێت حاجی مەكی ئيش بكە ئێمەش بەرهەمی دەهێنين. من قسەيەك دەكەم كەس ئەو قسەيە ناكات، من دەڵێم كەسێك هەيە خزمەتكاريتان دەكات بــە بێ بەرامبەر. هەرچی قســەی لەگەڵ دەكەی بەفەلسەفە وەڵامت ئەداتەوە، قسە لەگەڵ هەندێ هونەرمەند دەكەيت وا هەست دەكات لە هونەر دەرچووە.لە هەموو جيهان وايە كێ داواكاری خەڵكی لەســەرە ئەوا تەلەفزيۆنەكان كار لەگەڵ ئەو كەســە دەكەن.لە ميســر پێش ڕەمەزان بە شەش حەوت مانگ لەگەڵ ئەو كەسانە ڕێكدەكەون كە كاری باش دەكەن و لە هونەر دەزانن.

***پێت وانييە ئــەوە هۆكارێكە بۆ ئەوەی هونەری كوردی پێش نەكەوێت؟**

-بەمشــێوەيە بێت هونەری كوردی پێشناكەوێت، كەسانێك هەن دەبن بــە بەڕێوبەری بەرهەمهێنــان و بە كەموكوڕی ئيش دەكەن و ناگەڕێت بەدوای شــتی باشدا. هەندێ كاری هونەری دەكرێت بۆ ڕۆژی دواتر كەس لە بيری نامێنێت. من مێژووم، من فەخر ناكەم بەسەر ميللەتەوە، بەڵام من قوربانيم. من لەگەڵ ئەو قەڵەويە و پيريەدا و بەو هەموو نەخۆشيانەوە شووربييە لە دەرگايان بدەم و بڵێم وەرن با تەمسيلتان بۆ بكەم، دەبێت ئەوان بێن بەشوێنی من دا و داوام لێ بكەن تەمسيليان بۆ بكەم.

***پێت وايە هونەری كوردی لە قەيران دايە؟**

-قەيران نييە، كێشەكە لەوەدايە هەر كەسە لە شوێنی خۆی بەكارێك هەڵدەستێ و هيچی لێ نازانێت، بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبيری ئەو هەموو بەڕێوەبەرە گشتييە هەيە گەر بتەوێ بچی قسەيان لەگەڵ بكەی وا ئەزانن لە هۆڵيوود هاتوونەتەوە و وا دەزانن داهێنەرن، ئەوان هيچ نازانن.

***ئەگــەر داوات لێكرا بۆ كارێكی لەو جۆرە ئايا دەتوانی كارێك بكەی جيهانی بێت؟**

- ئەوە زۆر ئاسانە، من لەڕێگای گوڵانی خۆشەويستەوە كە شتە ڕاستەكان بڵاو دەكاتەوە، كەی پێم بڵێن ئامادەم كاری جوان بكەم. پێويســتم بە دەرهێنەری بــاش هەيە هەرچەندە هەندێك دەرهێنەر دەڵێن تۆ دەرهێنەرت ناوێ. نەخێر من ئێستا قوتابيم، لە ميســر چەند بەتەمەن بيت بۆ تەمســيل كردن داواكاری زياترت لەسەر دەبێ.

***حاجی مەكی تاچەند ڕێزی لێ گيراوە؟**

-من خــۆم دەوڵەمەندم، زەويان داومەتــێ و خانووم هەيە پێويستيم بەو شــتانە نييە. ڕۆژێ لەڕۆژان نەچوومەتە بەر دەرگای بەرپرسێك بۆ ئەوەی يارمەتيم بدەن. من قەت داوای پــارە ناكەم من دەمەوێ داوام لــێ بكرێت ئيش بكەم. حەز دەكەم ئــەوە بڵێم من يەكەم كەس بووم لــە بەغدا لە هۆڵی خلود ئەوكاتەی سەردەمی بەعس بوو لە ١٩٧٤/٢/٢٧ وێنەی بارزانيم بەرز كردەوە بەشايەتی چەند كەسێك، لەو سەردەمەدا ئەگــەر بيان گرتبــای لەت لەتيان دەكــردی، هەروەها من پێشمەرگەی شۆڕشــی ئەيلول بووم. سەرەڕای ئەو هەمووە من داوا ناكەم پارەم پێ بدەن و وەك وتم هيچ پێويســتيم پێی نييە، من دەمەوێ بــۆ كاری هونەری داوام لێ بكرێت كار بكەم ئەوە ڕێزگرتنە بۆ من.

***زياتر حەز بە ڕۆڵگێڕان لەگەڵ كام هونەرمەند دەكەی؟**

-ئەوەی كۆميدی بێت مــن دەردەچم لەگەڵی بەتايبەتی لەگەڵ ڕێژان فەرەجی.

***لەبــارەی ژيانــی تايبەتی خۆتەوە، ئايا ئــەو قەڵەويە كێشەی بۆ درووست نەكردووی؟**

-قەڵەوييەكەی من تۆزێك ناخۆشە، سەفەرێكم لەبەردەمە دەچمە ئەمريكا بۆ نەشتەرگەری.

***تۆ چۆن پێناسەی دڵداری دەكەی؟**

-دڵداری وەك خوێن و ئاو وايە، تۆ بەبێ هەوا ناتوانی بژی دڵداريش وەهايە.مەســەلەكە ئەوە نييە كە ئايا گوناهە يان نا مرۆڤ پێويستی بەو شتە هەيە.

***زياتر گوێ لەدەنگی كام گۆرانيبێژ دەگری؟**

-هەندێ گۆرانيبێژی كچ و كوڕ هەن زۆر سەرسامم پێيان. دەنگخۆشی بەهرەن و خۆزگە منيش دەنگم خۆش بووايە بۆ ئەوەی گۆرانيشم بگوتبايە. ئەوانەی دەنگيان خۆشی ناويان ناهێنم نەوەك لێــم زيز بن، چوار پێنج گۆرانيبێژی كچ هەن كە دەنگيان خۆشــە و پێيان سەرســامم. لەپياوەكانيش پێنج گۆرانيبێژ دەنگيان زۆر خۆشــە لەســەرووی هەمووشيانەوە حەمە جەزا لەم ماوەيە گۆرانييەكی گوتووە بۆ ســلێمانی تا تەواو بوو من هەر گريام.

***سەردانی ئەم جارەت بۆ هەولێر بۆ چ مەبەستێك بوو؟**

- شــانازی بە هەولێرەوە دەكەم و زۆرم خۆشدەوێ، كاتی خۆی پازدە ساڵ لێرەبووم زۆر خۆش بوو، داوايان لێ كردووم كە بگەڕێمەوە بۆ هەولێر. ســەردانی ئەم جارەم بۆ ئەوەيە كە پرۆژەمان هەيە خەريكی دەبين. لەلايەن تەلەفزيۆنێكەوە داوام لێ كراوە بۆ بەرهەم هێنانی پــازدە ئەڵقەی پازدە خولەكی. لەكۆتاييدا سوپاس بۆ ئەو گوڵان ئەو گۆڤارە جوانە.

**چەند كەس هاتۆتە سەر تەلەفزيۆن گوتوويانە تەمسيلەكانی حاجی مەكی هيچ نييە و بەكەلك نايەت، ئەی بۆ ئێستا ئەو خەڵكە دەيەوێت**

**بەداخەوە تەلەفزيۆنەكان خزمايەتی ڕەچاو دەكەن**

**ئێستاش پێم دەڵێن بەخوا بەرهەمە كۆنەكانت خۆشن**

**بۆچی ئامادەن كار بۆ ئێرانييەك بكەن، بەڵام ئيشەكانی من پشتگوێ دەخەن، حەز دەكەم تا ماوم ڕێزم لێ بگرن**

**هەندێك دەرهێنەر دەڵێن تۆ دەرهێنەرت ناوێ، نەخێر من ئێستا قوتابيم**